**زانكۆی سەلاحەددین/هەولێر**

**كۆلێژی ئاداب-بەشی مێژوو**

**بانكی پرسیار/ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤(كۆرسی یەكەم و دووەم)**

**پ/هۆی ئەمانەی خوارەوە لێكبدەرەوە :**

**١-شكستهێنانی ئەڵمانەكان لە جەنگی ستالینگراد.**

**٢-پێشكەوتنی بوار پیشەسازی لە ئۆڤییەت لە سەردەمی ستالین ١٩٢٤-١٩٥٣**

**٣- شكستی ئەڵمانەكان لە جەنگی (مارن) لە ساڵی ١٩١٤ دا.**

**٤- لەماوەی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا، ئیتالیا پشتگیری لە ژەنەرال فرانكۆ كرد.**

**٥- ساردبوونەوەی سۆڤێیەت لە پیادەكردنی سیاسەتی بەكۆمۆنیزمكردن لەوەتەی ساڵی ١٩٢١ەوە.**

**پ/ شەش لەگرنگترین ئەو بوارانە بژمێرە كەوا كۆمەڵەی گەلان تیایاندا سەركەوتوو بوو.**

پ/چی لەبارەی ئەم مێژووانەی خوارەوە دەزانی؟ بەوردی بینووسە:

| | | |
|---|---|---|
| - ١٠ی تەموزی ١٩١٨ | - ٢٤ی تشرینی یەكەمی١٩٩٤٥ | - ٢٣ی ئابی ١٩٣٩ |
| - ٦ی ئابی ١٩٤٥ | - ٢٩ی تشرینی یەكەمی ١٩١٤ | |
| -٥ی كانوونی دووەمی ١٩٥٧ | - ٣٠ی كانونی دووەمی١٩٣٣ | - ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ |

پ/دەگوترێ" **لە سییەكانی سەدەی بیستدا، حكومەتی سۆڤیەتی سەركەوتنی بەرچاوی لەبواری دیپلۆماسییەتی نێودەوڵەتی بەدەست هێناوە"** سەبارەت بەم پرسە گرنگترین بوارەكانی سەركەوتنی دیپلۆماسییەتی سۆڤێیەتی بخەڕوو.

پ/باسێكی پوخت لەبارەی (بنەمای ترومان) بنووسە، تیایدا زانیاری لەبارەی مێژووی راگەیاندن و هۆكار و دەرەنجامەكانی بخە ڕوو.

**پ/هەڵوێستی هەریەك لەم وڵاتانەی خوارەوە بەجیا، لە كەیسی تیرۆركردنی وەلی عەهدی نەمساوی (فرانسیس فردیناند) و پێشهاتەكانی دوای ئەم ڕووداوە بەوردی دیاری دیاری بكە: (نەمسا، سڕبیا، رووسیا، ئەڵمانیا، بەریتانیا).**

پ/ هەلومەرجی ئابووری ئیتالیای دوای جەنگی یەکەمی جیهان لە کورتە باسێکدا بخەڕوو.

پ/ پاڵنەری ژیاریی(الحضاري) چ ڕۆڵێکی هەبوو لەوەی ئەمەریکا خۆبداتە پاڵ وڵاتانی هاوپەیمانەوە لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا. ئەمە ڕوون بکەوە؟

پ/سێ لە دیاردەکانی نیوان هەردوو جەنگی جیهانی بە خاڵ بژمێرە.

پ/ گرنگترین ئەنجامەکانی قۆناغی یەکەمی شۆڕش لە ڕووسیا چی بوون؟ بیاننووسە.

پ/ گرنگترین تایبەتمەندییە لێکچووەکانی نیوان هەردوو سیستمی (نازی) لە ئەڵمانیا و (فاشی) لە ئیتالیا چی بوون؟ بەنموونەوە بیانخە ڕوو.

پ/ هۆکارە ناڕاستەوخۆکانی قەیرانی ئابووری جیهان١٩٢٩-١٩٣٣ بژمێرە.

پ/ گرنگترین رواڵەتەکانی جەنگی سارد بژمێرە و باسی یەکێکیان بکە.

پ/هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جەنگی سارد کامانەن؟ بەوردی راڤەیان بکە.

پ/ تاوتوێی بارودۆخی رووسیای بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧ بکە، بە هێنانەوەی نموونە وەڵامەکەت دەوڵەمەند بکە.

پ/ململانێ لەسەر داگیرگەکان چ رۆڵێکی هەبوو لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان، ئەم بابەتە تاوتوێ بکە.

پ/ گرنگترین ئەنجامە سیاسییەکانی جەنگی یەکەمی جیهان بژمێرە.

پ/بەکورتی لەبارەی ئەنجامە ئابوورییەکانی جەنگی دووەمی جیهان بدوێ.

پ/بەراوردی نێوان گرنگرترین رووەکانی سیاسەتی ناوەخۆی نازییەکان لە ئەڵمانیاو فاشییەکان لە ئیتالیا بکە.

پ/ئەو رەخنانە کامانەن کەوا لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس گیراون، بیانخە روو.

پ/گرنگرین بوارەکانی سەرکەوتنی کۆمەڵەی گەلان بەخاڵ بخەروو.

پ/هاتنە ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ جەنگی جیهانی یەکەم بە دڵی ئەڵمانەکان بوو، ئەم بابەتە شی بکەوە.

پ/داگیرگەکان سوودێکی ئابووری گەورەیان بۆ بەریتانیا هەبوو، ئەم سوودانە کامانەن؟

پ/بارودۆخی کۆمەلأیەتی ژاپۆن لەنێوان هەردوو جەنگدا١٩١٨-١٩٣٩ بە وردی هەڵسەنگێنە.

پ/لەبارەی گرنگترین پەرەسەندنە سیاسییەکان لە بەریتانیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان بدویٚ؟

پ/کێشەی رووکێتەکانی کوبا بناسێنە، پاشان بەوردی هەڵوێستی ئەمریکا و شۆڤیەت لەبارەیەوە راڤە بکە.

پ/ شەڕی دەردەنیل بناسێنە و هۆکارەکانی شکستی بەریتانیا لە گرتنی دەردەنیل بخە روو.

پ/کۆنفرانسی یاڵتا قۆناغێکی گرنگی پرسی سەرکەوتنی هاوپەیمانان بوو لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەکورتی لەبارەیەوە بنووسە.

پ/هۆکارەکانی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا کامانە بوون؟ بیانژمێرە.

پ/هەڵوێستی هەریەك لەم ولأتانەی خوارەوە لە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا دیاربخە:

١-یەکێتی سۆڤیەت. ٢-ئەڵمانیای نازی. ٣-فەڕەنسا.

پ/"کۆششکردن بۆ خۆزاڵکردن بەسەر ئەوروپا و بەدەستهێنانی سەروەریی جیهانیی"، گرنگترین ڕووی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بووە لەماوەی فەرمانڕەوایی

نازییەکاندا. لەم بارەوە گرنگترین وێستگەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیای نازیی تاوتوێ بکە.

پ/ مەبەست لە سیاسەتی نوێی ئابووری(نیپ) چییە؟ پاشان هۆکارەکانی پیادەکردنی ئەو سیاسەتە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە چی بوو، بەخاڵ بیاننووسە؟

پ/لەسێ تەوەری جیاوازدا و بەوردی باسی هەلومەرجی (ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی) ئیتاڵیای بەر لە دەرکەوتنی فاشیی بکە.

پ/ تەنها شەش لەگرنگترین بوارەکانی سەرنەکەوتنی کۆمەڵەی میللەتان بژمێرە.

پ/لەپەڕگرافێکدا پلانی ئابوورییانەی یەکێتی سۆڤیەتی سەردەمی ستالین تاوتوێ بکە.

پ/لەنێوان سالآنی ١٩٢٩-١٩٣٣دا بزاڤی نازیی لە ئەڵمانیا بووژانەوەی بەخۆوە بینی، ئەمە ڕوون بکەوە.

پ/جەنگی سارد بناسێنە، گرنگترین ڕووالەتەمانی بەخاڵ بخە ڕوو.

پ/هۆکارەکانی پێشکەوتنی ئابووری ژاپۆن لە دوای جەنگی دووەمی جیهان چی بوون؟ بیانژمێرە.

پ/گرنگترین دەرەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهان بژمێرە.

پ/جەنگی ستالینگراد بناسێنە، ئینجا گرنگترین ئەنجامەکانی بژمێرە.

پ/پرۆژەی مارشاڵ چی بوو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بە خاڵ بنووسە.

پ/گەلالەنامەی ئەتلەنتیك کەی ڕاگەیەنرا؟ بنەماکانی چی بوون؟ ڕوونی بکەوە.

پ/پرۆژەکەی ئایزنهاوەر بە یەکێك لە پرۆژە دیارەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهان دادەنرێت، بۆچی ئەمریکا ئەم پرۆژەیەی ڕاگەیاند؟ وڵاتانە کامانەن لێی بەهرەمەند بوون؟

**پ/پەیانی باکووری ئەتلەسی کەی راگەیەندرا؟ ئامانجەکانی چی بوو؟ ئەو وڵاتانە کامانەن تیایدا بەشدار بوون؟ لەم بارەوە راپۆرتێکی پوخت بنووسە.**